# ئابووری کار

قۆناغی دووەم – بەشی ئابووری

مامۆستای بابەت : م.ی.هیمداد امین ابوبکر
himdad.abubakr@su.edu.krd

2023 - 2022

# بەشی یەکەم

# کار ( تایبەتمەندی و پێکهاتەی کار )

* ئابووری کار :

بەبەشێك لە زانستی ئابووری دادەنرێت بەخوێندنی بازاڕی کار و هەروەها دیراسە کردنی هەڵسوکەوتی خاوەن کار لەگەڵ کرێکار بەرامبەر بەو گۆڕانکاریانەی ڕوودەدات لە(کرێ -نرخ - قازانج)، لە بەر ئەوەی فاکتەری کار بەفاکتەرێك لە فاکتەرەکانی بەرهەم هێنان دادەنرێت کە بریتیین لە (سەرمایە- زەوی – ڕێخستن- کار) خوێندنی ناوەڕوك وپێکهاتەکەی بەکارێکی ئاڵۆزدادەنرێت لەبەر ئەوەی پەیوەندی بەلایەنی (کۆمەڵناسی – دانیشتوان – فێرکردن – ڕاهێنان - تەندروستی) هەیە، ئابووری کار ڕێگە نیشاندەریکە بۆ دیاری کردنی بڕی ((خواست و خستنەڕوو)) لە هێزی کار کە تاڕادەیەك لەگەڵ گەشەی ئابووری وڵاتەکەدا دەگونجێت

## چەمکی ئابووری کار لەلایەن ئابووری ناسەکانەوە

1-ئادەم سمیث : سامانی جیهان بەگشتی بەهۆی کارەوە بەدەست هاتووە، وەهەموو پێداویستیەکانی نەتەوەکان وخۆشگوزەرانیان دەرەنجامی کاری دەستی تاکەکانی ئەم نەتەوانەیە.

2- دیڤید هیوم : هەمووشتێکی جیهان بەهۆی کارەوە بەدەست هاتوو.

3- ئابووریناسە ئیشتراکیەکان کارو هێزی کاریان لەیەکتر جیاکردۆتەوە :- وە دەڵێن کە هێزی کار واتە هەمو و ئەو توانا ماددی وژیریانەیە کە لە ناو جەستەی مرۆڤ و کەسایەتی مرۆڤ هەیە کە پێویستە بە گەڕیان بخات بەمەبەستی بەرهەم هێنانی کاڵای بەسوود، بەڵام کار بریتی یە لە هێزی بەکار هاتوو لە کردارەکانی بەرهەم هێنان .

4- وە لە زانستی سروشتزانی کار بریتی یە لە هەموو هێزێك کەتوانای گۆڕینی جیهانی دەرەکی هەبێت .

## پیناسەی کار:

**چالاکیەکی مرۆی یە سەختە پابەندە پێی کەلەلایەن تاکەکەسەوە ئەنجـــام دەدرێت لەماوەیەکی دیاری کراو هەروەها بەسەرچاوەیەکی سەرەکی بەرهەم داری مرۆڤ دادەنرێ.**



# تایبەتمەندیەکانی کار

1- چالاکیەکی مرۆییە



# 2- كار سەختە



# 3-كار پابەند پێ (العمل ملزم )



# 4-بەسەرچاوەیەکی بەرهەمداری کۆمەڵگا دادەنرێت(العمل مصدر انتاجية المجتمع)



# تایبەتمەندیەكانی كار بەردەوامە............

* گفتوگۆی زۆر كراوە دەربارەی ئەوەی كام كار یان چالاكی بەرهەم هێنە لە ئابووری وەكامیان بەرهەمهێن نی یە، فیزوقراطە كان پێیان وایە تەنها كاری كشتوكاڵی كاری بەرهەم هێنە ،چونكە بەڕای فیزوقراطە كان تەنها لە كاری كشتوكاڵی بەهای دەست كەوتوو زیاترە لە بەهای بەكارهاتوو بەپێچەوانەی پیشەسازی و بازرگانی كە بەكاری نەزۆكی دەزانن چونكە تەنها شێوەی مادده دەگۆڕن و دەیگوازنەوە و هیچ شتێك زیاد ناكەن .

# تایبەتمەندیەکانی کار بەردەوامە............

* **بەڵام ئادەم سمیث** 1723 - 1790 دەڵێت هەرتەنها کاری کشتوکاڵی بەرهەم هێن نییە بەڵکو کاری پیشەسازیش بەرهەم هێنە چونکە لای ئادەم سمیث تەنها دروست کردنی مادده بەرهەم هێن نییە بەڵکو گۆڕینی ماددەش لە شێوەیەك بۆ شێوەیەکی تر بەرهەم هێنانە .

* **وە هەندێك ئابووریناسی تر** کاری خزمەتگوزاریشیان بەبەرهەم هێن داناوە وەك بازرگانی وگواستنەوە، چونکە ئەوان جیاوازی نابینن لە نێوان دەرهێنانی ڕەژووی بەردین (فحم حجری) لەکانەکان وگواستنەوەی بۆ بەردەستی بەکاربەران .

# تایبەتمەندیەکانی کار بەردەوامە............

* **<u>وە ئابووریناس (سای)</u>** دەڵێت هەموو ئەو کارانە بەرهەم هێنن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداری دروست کردنی سودێکی نوێ دەکەن ، بۆیە کاری پزیشکەکان وهونەرمەندەکان وفەرمانبەران وکاربەدەستان کاری بەرهەم هێنن بەلاّم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، چونکە نەبوونی کاربەدەستان(بۆنموونە) واتە نەبوونی ئاسایش بۆیە بەرهەمی نەتەوە زیادناکات لە کاتی نەبوونی ئارامی وئاسایش .

* **<u>وە ئابووری ئیشتراکی</u>** ئەو کارە بەبەرهەم هێن دادەنێن کە بەهایەکی بەکارهێنانی ڕاستەخۆ دروست بکات، لەبەرئەوە جیاوازی دەکات لەنێوان کاری بەرهەم هێن و کاری بەسوود، بۆ نموونە کاری دامەزراوە ڕۆشنبیریەکان و تەندروستیەکان و کارگێریەکان بەسوودن بەلاّم کاری بەرهەم هێن نین.

# پێکهاتەکانی کار

1-بابەتی کار: واتە هەموو ئەوانەی کە مرۆڤ چارەسەری دەکات کە لە سروشت هەیە وەك (کەرستەی خاو ، سەرچاوە سەرەتاییەکان )

2-کەرەستەکانی کار: ئەو ئامێرو ئامرازو کەرەستانەی بەکاردێت لەم کارە.

3-هێزی کار: بریتییە لە کۆی هێزو توانایی مرۆڤ کە هەیەتی ئەویش بریتیە لە (توانای هزری و جەستەی).